# زار و شێوەزار


پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی
کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی

م. شێرکۆ حەمەئەمین
کۆلێژی زمان
زانکۆی کۆیە

# زار و شێوەزار

پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی
کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی

م. شێرکۆ حەمەئەمین
کۆلێژی زمان
زانکۆی کۆیە

بابەت: زمانەوانی

ناوی کتێب: زارو شێوەزار

ناوی نوسەر: پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی & م. شێرکۆ حەمەئەمین قادر

ژمارەی سپاردن: ١٠٤٨ ساڵی ٢٠٠٦ پێدراوە

ژمارەی چاپ: چاپی دووەم - ٢٠٠٧

کاری کۆمپیوتەر: عوسمان کەریم

چاپ: چاپخانەی چوارچرا - سلێمانی

تیراژ: (٣٠٠) دانە

## ناوەڕۆك


١. پێشەكی ........................ (٥)
٢. پێناسەی زارەكان ........................ (٧)
٣. زاری ستاندارد ........................ (١٥)
٤. زمانی كوردیو دابەشبونی ........................ (١٨)
٥. لێكۆڵینەوە لەزمان ........................ (٢٤)
٦. زمانو كۆمەڵ ........................ (٣٠)
٧. بۆچونی هەندێ زمانەوانان ........................ (٣٢)
٨. توخمەكانی ئاخاوتن ........................ (٣٥)
٩. توانای ئاخاوتن ........................ (٣٨)
١٠. پێوەرەكانی ئاخاوتن ........................ (٤٠)
١١. ئەركەكانی زمان ........................ (٤٣)
١٢. تیۆری كردە ڤسەییەكان ........................ (٤٧)
١٣. شێوازی ئاخاوتن لەبۆنەكان ........................ (٥١)
١٤. بنەماكانی دەسەڵاتو هاوكاری ........................ (٥٧)
١٥. زمانی ڕاگەیاندن ........................ (٥٩)
١٦. زمانو ڕەگەز ........................ (٦٣)
١٧. جیاوازی نێوان زاری ستانداردو جوگرافیایی ........................ (٦٥)
١٨. جیاوازی نێوان زاری جوگرافیاییو زاری كۆمەڵایەتی ........................ (٦٦)
١٩. سەرچاوەكان ........................ (٦٧)

## پێشەکی:-

بواری ((کۆزمانەوانی))* و زارو شێوەزارەکانی کوردی، بەتایبەتی زارە کۆمەڵایەتییەکان، تائێستا لێکۆڵینەوەی تایبەتو سەربەخۆیان وەك پێویست بۆنەکراوە، بەبەراورد لەگەڵ بوارە زێزمانییەکاندا، لەتەك ئەمەشداو لەئەنجامی وتنەوەی ئەم بابەتە لەقۆناغی بەکالۆریۆسو ماستەر، لەلایەن "پ.ی.د.بەکر عومەر عەلی"و"مامۆستا شێرکۆ حەمەئەمین قادر" لەقۆناغی بەکالۆریۆس، ئەمانەو بەمەبەستی هێنانە بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی تایبەت بەزارو شێوەزار، بیرۆکەی ئەم کتێبە لەدایکبوو، وەك ئەریتێکی باویش دەوترێت، هیچ کارێك بێ کەموکورتی نابێت، بەو ئومێدەی بەم کارەمان، کەلێنێکی بچووکی بواری زمانەوانی کوردیمان پڕ کردبێتەوە، وەك هەنگاوێکیش بۆ کاری باشتری ئایندە سەیر بکرێتو خوێندکارانی ئازیزیش کەلکی لێوەربگرن.

سلێمانی

٢٠٠٦/١١/١

---

* کۆزمانەوانی: واتە (( زانستی زمانی کۆمەڵایەتی)).

## زانستی زارەکان :-

زانستی زارەکان یان (دیالۆکتۆلۆجی)، ئەو زانستەیە کەبایەخ بەو دیاردەو هۆکارانە دەدات کە دەبنە هۆی سەرهەڵدان‌و پەیدابونی دیالێکت (زار - لهجه). یان ئەو هۆکارانەی وادەکەن زمانێك بۆ چەند زارێك دابەش بێت، کە هەریەکێك لەو زارانە بەگۆڕانی شوێن‌و ناوچەو قسەپێکەرانی دەگۆڕێن.

زاراوەی دیالێکت یاخود (زار). ئەم زاراوەیە بەڕەچەڵەك زاراوەیەکی یۆنانییەو لەسەدەی شازدەهەم لەسەردەمی ڕاپەڕین (ڕێنسانس)، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی سامانی ئەدەبی ناوچەییەوە، بەکارهات.

ڕێنسانس:- بریتییە لەزیندوکردنەوەی مرۆڤی ئازاد بۆ گەڕانەوە بۆ شارستانی مەزنی یۆنان (گریك)وڕۆمان.

پرسیار: بۆچی زاراوەی دیالێکت (زار) لەسەردەمی ڕاپەڕیندا بەکارهات؟

وەڵام: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گریمانەیەی کە لەسەردەمی (ڕێنسانس) وشیاری ناوچەیی گەشەی کردووە، ئەوا دەبینین هەوڵدان بۆ جیاوازی کردن لەنێوان (زمان‌وزار)دا بە بڵاوی ئیشی لەسەردەکرێت‌و دێتە ناو لێکۆڵینەوەکانەوە چونکە بۆ خودی یۆنانیەکانیش زاراوەی زار گرنگی‌و

بایەخی زۆری هەیە، لەوێدا بەو شێوازە ناوچەییانەوە دەڵێن کەخاوەنی سامانێکی ئەدەبین.

## چۆنێتی پەیدابونی دیالێکت یان زار

بێگومان کۆمەڵێك هۆکار (فاکتەر) بۆ پەیدابونی زار لەزماندا هەیە:-

١- هۆکاری (فاکتەری) کۆمەڵایەتی// پەیوەندی بە عاداتو تەقالیدو نەریتی ناو کۆمەڵگاو دابەشبونی چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە.

٢- هۆکاری سیاسی// ئەمە دوولایەن دەگرێتەوە:-

أ- ئەوەیە کە میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی (مرکزی) نەبێت.

ب- کە حکومەتی ناوەندی هەیە. بەڵام لەبەرفراوانی سنوری حوکمڕانییەکەی ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەمو ناوچەکاندا بکێشێت، بۆیە دەسەڵاتی ناوەندی لاواز دەبێتو وادەکات کە هەر شوێنەو یان هەر ناوچەیەك شێوە قسەیەکی تایبەتی هەبێت.

٣- هۆکاری جوگرافیای سروشتیو هەڵکەوتوی ناوچەکە.

٤- ڕادەی ڕۆشنبیریو لایەنی دواکەوتویی کۆمەڵەوە.

٥- لایەنی فۆنۆلۆجی واتە (دەنگسازی)، بۆ نمونە (نوسی دەبێت بە نڤیسی)

٦- لایەنی ئابوری، چوونیەك دابەشنەبونی ئابوری لەشوێنە جیاوازەکاندا ئەمەش هۆیەکە بۆ پەیدابونی زار.

٧- هۆکاری بایۆلۆجی و فیزیکی:- ئەمە ڕەنگە تارادەیەکی زۆر پەیوەندی بەدروستبونی مرۆڤەوە هەبێت.

## تیۆرەکانی دابەشبونی زمان بۆ چەند زارێك

لەم بوارەدا دەتوانین دوو تیۆری (مۆدێل) دەست نیشان بکەین، کە هەردوکیان باسی چۆنێتی دابەشبونی زمان بۆ زار دەکات، بێگومان ئەم دوو تیۆرە بۆ پەیوەندی لەنێوان زمانەکان کەلکیان لێ وەردەگیرێت :-

١- مۆدێلی درەختی خێزانی :

لەسەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا ئەم مۆدێلە زیاتر لەبواری لێکۆڵینەوەی مێژویی لەزماندا دەرکەوت ...

پرسیار// بۆچی لەم کاتەدا لەسەدەی نۆزدە لێکۆڵینەوەی مێژویی لەزماندا دەرکەوت؟

وەڵام// لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەی مێژویی زمان لەسەدەی هەژدەوە دەستی پێکرد، بێگومان ئەم تیۆرە وەك بەرئەنجامێك لە لێکۆڵینەوەی

مێژویی زماندا دەستی پێکرد، لەڕاستیدا لێکۆڵینەوەی مێژویی بەپلەی یەکەم بەدوای زمانی بنچینەیی دەگەڕا، لەگەڵ ئەوەشدا چۆنێتی جیابونەوەی زمانەکانی ئێستاش.

واتە بۆ یەکەم جار ئەم تیۆرە لە لێکۆڵینەوە مێژوییەکانی زماندا پەیوەندی نێوان زمانەکانو هۆکاری لێکجیابونەوەیانی خستەڕوو، پاشان وەك مۆدێلێك لەدابەشبونی زمان بۆ چەند زارێك کەڵکی لێ وەرگیرا.

بۆ نمونە // زمانی کوردی وەردەگرین



## زمانی کوردی لەم بەشانە پێکهاتووە:-

١) کرمانجی ژوروو

٢) کرمانجی خواروو

٣) کرمانجی ناوەڕاست

٤) گۆران

گرنگی‌و بایەخی ئەم تیۆرە لەوەدایە، پەیوەندی مێژویی نێوان زمانەکان،و گەشەکردنی مێژویی نێوان زارەکانی زمانێکیش دەخاتەڕوو.

**٢) مۆدێلی شەپۆلەکان (شەپۆلی ئاوی) :**

لەسەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا، لەئەنجامی سەرهەڵدانی تیۆری درەختەوە، زمانەوانان تیۆرێکی تریان دانا کەمۆدێلی شەپۆلەکانە لەلایەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین تیۆری شەپۆلی ئاوی بەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی بەراوردییە لەزماندا.

لەشێوەیەکی گشتیدا، تیۆری شەپۆلی ئاوی؛ بریتییە لەو حاڵەتەی، کەبەردێك فڕێ دەدەیتە ناو ئاوێکەوە ئەو شوێنەی بەردەکە بەری دەکەوێت، بەدەوروپشتی خۆیدا کۆمەڵێك شەپۆل بڵاودەکاتەوە لێرەوە لە ئەنجامی کاریگەری بەردەکەدا شەپۆلەکان دەردەکەون.

تێبینی: ئەم تیۆرە زیاتر پەیوەستە بەگۆڕانکاری ناوەکی زمانێک لەچوارچێوەی زمانێکدا گۆڕانکاریەکان چۆن ڕوودەدەن، هەروەها زمانەکە چۆن بۆ چەند زارێك دابەش دەکرێت وەهەریەکێك لەم زارانە چۆن کاریگەری لەسەر ئەوی تریان دادەنێن.

ئەو گرفتانەی ڕوبەڕوی ئەم تیۆرە بونەوە ئەوەیە، مەرج نییە ئەم تیۆرە وێنەیەکی تەواوی دابەشبونی زارەکانمان بداتێ، هەربۆیە ئەم گریمانەش لەبەرامبەریان دانراوە ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت ئەگەر چەند جۆرێك لەڕووەك لەناوچەیەکی دیاریکراودا بڕوێنین ئاسایی لەزۆربەی کاتدا لەدەرەوەی ئەو ناوچە دیاریکراوەش هەمان جۆر ڕووەك لەو ڕووەکانە سەردەردێنێت ئەگەر ئەم وێنەیە بگوازینەوە ناو زمان ئەو ناوچەیەی کەڕووەکەکانمان تیا چاندووە وەك سنوری زارێك وەری بگرین ئەوا دەبینین هەم زارەکە بۆ چەند شێوە زارێك دابەش دەبێت هەندێك کاتیش لەدەرەوەی سنورەکەی خۆی قسەی پێدەکرێت.

## پەیوەندی نێوان زارو زمان یان (دیالێکتو زمان)

زمان:- بریتیە لە ئامێرێك یان وەسیلەیەك بۆ لەیەكتر گەیشتنو گۆڕینەوەی بیروڕاو دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەنێوان ئەندامانی کۆمەلانی نەتەوەیەك بەگشتی. بەپێی شوێنی جوگرافی زمان، شێوەی جیاجیا وەردەگرێت بە واتایەکی تر لقی لێ جیادەبێتەوە ئەو لقە جیاجیانە پێیان دەوترێت زار یان دیالێکت واتە زمان ئامێرە گشتیەکەیە هەموو ئەندامانی نەتەوە دەگرێتەوە لە هەر ناوچەو ولاتێکدابن بۆ نمونە دەلێین کوردەکانی سوریا یان کوردەکانی بەریتانیا ... هتد

بەلام زار یان دیالێکت :- بوارەکەی تەسکترە واتە پانتاییەکی سنورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە بە زمانە گشتیەکە قسە دەکەن بۆ نمونە کە دەلێین زاری کرمانجی ناوەڕاست یان خوارو تەنها ئەو کوردانە دەگرێتەوە کە دانیشتوی ناوچەکانی سۆران - سلێمانی – هەولێر – پشدەر بەواتایەکی تر تا زمان نەبێ دیالێکت یان زار دروست نابێ، زمانیش بەبێ زار نییە، لەبەرئەوە دەتوانرێ بووترێ کە پەیوەندی نێوان زارو زمان یان دیالێکتو زمان پەیوەندی تەواکارییە واتە پەیوەندی بەشە بەگشتەوە.

## جیاوازی نێوان زارو زمان

١) زمان گشتییە سنورێکی جوگرافیایی فراوان دەگرێتەوە، بەڵام زار تایبەتییەو سنورێکی جوگرافیای دیاریکراو دەگرێتەوە.

٢) زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت، بەڵام زار هەم بەپێی ڕەگەز هەم بەپێی جوگرافیا هەم بەپێی دابەشبونی چینە کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕێت.

٣) زمان کۆی هەمو ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە لەنێوان زارەکانی ئەو زمانەدا هەن، بەڵام لەڕاستیدا زار لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیانە دروست دەبێت.

٤) بەشێوەیەکی گشتی زمان دابەش دەکرێت بۆ جۆرەکانی:-

١. زمانی نوسین.

٢. زمانی ئاخاوتن.

٣. زمانی شیعری.

کەلەڕاستیدا ئەم جۆرە دابەشکردنە لەزاردا بەدی ناکرێت.

## زاری ستاندارد یان زمانی یەکگرتوو

بەپێی زانستی زارەکان دەتوانین چوار جۆر زار جیابکەینەوە:-

١. بەپێی ڕەگەز .
٢. بەپێی جوگرافیا .
٣. بەپێی زاری چینە کۆمەڵایەتیەکان .
٤. زاری ستاندارد .

زاری ستاندارد:- بریتییە لەو زمانەی کە لەدامو دەزگاکانی حکومەتدا کاری پێ دەکرێت،و نوسینو چاپەمەنی بەم زمانە دەبێت لەزۆربەی کاتەکاندا بەگشتی لە قۆناغەکانی خوێندندا وانەی پێ دەوترێتەوە، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر بەزمانی حکومەت یان دەوڵەت دادەنرێت.

**ڕێگاکانی دروستبونی زاری ستاندارد ئەمانەن:-**

ڕێگای جۆراوجۆر هەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت مەرج نییە لەهەمو وڵاتاندا بەیەك شێوەبێت:-

١) بە بڕیارێکی سیاسی لەزۆربەی حاڵەتەکاندا حکومەتی ئەو وڵاتە، بەبڕیارێکی خۆی زارێکی زمانەکە دەکا بە زمانێکی ستاندارد ئەوەی زۆر گرنگە ئەو زمانەی پایتەختە دەی سەپێنێت بەسەر وڵاتدا.

٢) بوونی کتێبێکی ئاینی بە زارێکی ئەو زمانە ئەمە لای عەرەبەکان زۆر دیارە.

٣) بونی سامانێکی زۆری ئەدەبی بەیەکێك لەزارەکانی زمانەکە .

٤) لەڕێگەی بازرگانیو پیشەسازییەوە.

تێبینی:- بەڵام ئەگەر هیچ ڕێگایەك لەم ڕێگایانە فەراهەم نەبوو ئەشێت لەڕێی هەوڵدانێکی ئەکادیمی زانستی ڕێکخراو بەشداری پسپۆڕانی زمان لەڕێگەی کۆڕو کۆنفرانس ... هتد، هەوڵ بدرێت لەنێوان هەموو زارەکانی زمانەکەدا زارەکە دروست بێت.

پرسیار: ئایا زمانی کوردی خاوەنی زمانی ستانداردە؟ ئەگەر هەیە چۆن؟ وەئەگەر نییە چۆن؟

وەڵام : کورد خاوەنی زمانی ستانداردە لەبەر ئەم هۆکارانە ئەگەر خۆی کێشە بۆ خۆی دروست نەکات وەك ئەوەی لەکرمانجی ناوەڕاست:-

١- لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا کە سێ دەسەڵاتی حکومەت لەسێ شوێنی جیاوازی زاری خواروو سەری هەڵدا وەکو :

أ) مەلیك مەحمود.

ب) کۆماری کوردستان کە بەهەڵە پێی دەوترێت مەهاباد ١٩٤٦ .

ج) حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢) دروستبونی زۆر پارتو ڕێکخراوی سیاسی، بڵاوبونەوەی بیری نەتەوەیی کوردی، بەشێوەیەك ئەم پارتانە هەموویان بڵاوکراوەو چەندەها هۆکاری ڕاگەیاندنیان هەبووە.

٣) بوونی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری فراوان لەو ناوچەیەدا.

٤)مەسەلەی ڕۆژنامەو چاپو چاپەمەنیو کەڵەکەبونی سامانێکی زۆری وەرگێڕان.

٥) بوونی قوتابخانەی شیعری بابانو هەموو ئەو کاریگەریانەی کەلەدوای خۆی بەجێی هێشت.

٦) کردنەوەی زانکۆی سلێمانیو بەشی کوردیو پێگەیاندنی دەیان کادرو پسپۆڕ لەزمانو ئەدەبی کوردیدا، کەبەگشتیو زیاتر بایەخ بەکرمانجی ناوەڕاست دراوە.

٧) بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و دانانی زمانی کوردی ((کرمانجی ناوەڕاست)) لەکوردستاندا، بەزمانی خوێندنو بواری ڕاگەیاندن.

بەڵام لەڕاستیدا زاری ستاندارد پێویستە متمانەی زۆربەی خەڵکی وڵاتو سیاسییەکانیش وەربگرێت، بۆیە ئاسایی زاری ستاندارد وەك زاری دەسەڵات سەیر دەکرێت.

## زمانی کوردی‌و دابەشبونی زارەکانی

ڕای جۆراوجۆر هەیە لەسەر دابەشبونی زمانی کوردی‌و زارەکانی، ئەو ڕاو بۆچونانە هەندێکی خەڵکانی بیانی‌و هەندێکی تریان زمانەوانی کورد دەریان بڕیوە، بێگومان خەڵکانی بیانی لەکۆنەوە بۆ کاری جۆراوجۆر هاتوونەتە کوردستانەوە، ئەشێت بەمەبەستی ڕامیاری یان سیخوڕی هەندێکیان ڕای نازانستیان لەسەر زمانی کوردی‌و زارەکانی دەربڕیبێت، لەوانە بۆ نمونە زمانی کوردی بەلقێك لەزمانی فارسی دانراوە کەلەڕاستیدا ئەم بۆچونە نازانستییەو زمانی کوردی لەگەڵ زمانی فارسیدا هەردوکیان لەکۆمەڵەی زمانە ئێرانیەکانن، بەوردبونەوە لەمێژوی زمانی کوردی بۆمان دەردەکەوێت زمانی کوردی قۆناغە مێژوییەکانی خۆی بڕیوە تا گەیشتووە بەم دۆخەی ئێستای، بێگومان بۆچونێکی لەو بابەتە کە زمانی کوردی بەلقێکی زمانی فارسی دابنێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:-

١) ئەو کەسانە کەهاتونەتە ئەم ناوچەیە لەزمانی کوردی‌و زاردکانی شارەزا نەبوون.

٢) ئەشێت پەیوەندی بەو کەسانەوە هەبووبێت کەلەگەڵیاندا کاریان کردووە.

٣) دەگونجێت ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بەمەبەستی تایبەتی بەدڵی نەتەوەی سەردەست بەتایبەتی فارسی قسەیان کردبێت.

٤) لەو سەردەمانەدا نەبوونی زمان و زاری ستاندارد.

٥) پەیوەندی بەهەژاری سامانی چاپکراوی ئەو کاتەی زمانی کوردی.

## دابەشبوونی زارەکانی زمانی کوردی

بەپێی دوو بەش دابەشیان دەکەین:-

١- بەپێی جیاوازی نێوان زارەکان نمونە:(و) دەبێت بە (ڤ) ﴿دەچێتە ناو درەختی خێزانییەوە﴾

٢- بەپێی فاکتەری جوگرافیا: ئەو جوگرافیا سروشتییەی بەشەکانی کوردستان لەیەك جیادەکاتەوە. ﴿شەپۆلی ئاوییە﴾

## هۆکارەکانی پەیدابونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

لەڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەربۆیە لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر یان نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت، هەروەك چۆن زمانەکانی جیهان لەژمارەی زارەکانیدا وەکیەك نین، لەبەر ئەوەی هەر زمانەو بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، بەهەمان شێوە لەهۆکارەکانی پەیدابون و دابەشبوونی دیالێکتەکانیشیاندا وەکیەك نین، لەبابەت هۆکارەکانی پەیدابونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەتوانرێت ئەم خاڵانە دەستنیشان بکرێت:-

١) هۆکاری جوگرافیا.

٢) داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان.

٣) نەبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناسیۆنالی کوردی (قەومی).

٤) باری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوری.

ئەگونجێت هۆکاری سێیەم نەبوونی دەوڵەت وەك هۆکارێك لەدروستبونی زمانی ستاندارد سەیر بکرێت.

**پرسیار: زۆری ژمارەی دیالێکت بۆ ئەو نەتەوانەی خاوەنی قەوارە یەکی سیاسی یەکگرتوونین کێشە دروست دەکات؟ بۆچی؟**

وەڵام:

١) دەبێتە قولکردنەوەی ژیانی ناوچەچێتیو دورکەوتنەوە لەیەکتری.

٢) ئەگەر بێتو ئاستی رۆشنبیری تاکەکانی نەتەوە بەرز نەبێت، لەئەنجامدا ڕێگر دەبێت لەگەشەی وشیاری نەتەوەیی.

٣) ڕێگر دەبێت لەبەردەم دروستبونی زمانی ستاندارد، واتە زۆری ژمارەی دیالێکت ئەگەر بڕیارێکی سیاسی لەپشتەوە نەبێت یارمەتیدەر نابێت لەدروستبونی زمانی ستاندارد، هەروەك پێچەوانەی ئەوە ڕاستە..

**جۆرەکانی زار لەزماندا:-**

١- ستاندارد (نوسین) بەزمانی "باڵا"ش ناودەبرێت.

٢- زاری جوگرافیایی .

٣- زاری کۆمەڵایەتی .

٤- زار بەپێی ڕەگەز .

زارە کۆمەڵایەتیەکان وەك دەردەکەوێت زارەکانی زمان تەنیا بەپێی دابەشبوونی جوگرافیایی دابەش ناکرێت لەبەر دوو هۆ:-

١) مرۆڤ گۆڕان لەشوێنی نیشتەجێبونیان دەکات، بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بێت، لەگەڵ خۆیدا خاسیەت،و تایبەتمەندیەکانی خۆی دەگوێزرێتەوە ئەمەش وادەکات تێکەڵاوی لەناو زارەکاندا دروست دەبێت بەئاسانی لەیەك جیانەبنەوە.

٢) هەر تەنیا دابەشبوونی جوگرافیایی دانیشتووان ڕۆڵ نابینێت لەدابەشکردنی زارەکانی زماندا، بەڵکو باری کۆمەڵایەتی،و تەمەن،و ڕەگەزیش، دەور دەبینێت هەربۆیە لقێکی زانستی بەناوی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداوە لە (٣٠)یەکانی سەدەی بیستەمدا.

مەبەست لەزارە کۆمەڵایەتیەکان، هەموو ئەو جیاوازیە زمانەوانیانە دەگرێتەوە کەلەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا هەستی پێ دەکرێ، کەپشت بەجیاوازی چینەکانی کۆمەڵ،و بۆنەو تەمەن،و ڕەگەز دەبەستێت لەبری جیاوازییە ناوچەییەکانی دابەشبونی دانیشتوان. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت ناسنامەی قسەکەر دیاری بکرێت. واتە دەتوانرێت ئەوە دیاری بکرێت قسەکەر سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە، ئاستی تەمەنی چەندە، بۆ نمونە لەوڵاتی بەریتانیا هەموو ئەو خەڵکانەی کەسەر بەچینەکانی کۆمەڵگان،و لەخوێندنگای تایبەتی دەخوێنن، کەهەم لەڕووی تێچوونی خوێندن زۆری هەیە لەو

شوێنەدا بە ئینگلیزیەکی تەواو ستاندارد، کەخاڵیە لەهەموو شێوە قسەکردنی ناوچەیی.

لەهەندێ حاڵەتدا جیاوازی لەنێوان ئەو مرۆڤانەدا دەکرێت، کەزمانیان دەیگرێت وە ئەو مرۆڤانەش کەبەم شێوە نین، کەواتە بۆ تێگەیشتن‌و لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ئەو جیاوازیانەی لەجیاوازی کۆمەڵایەتی لەڕوی ئەندامانی ئاخاوتن دەبێت بگەڕێینەوە بۆ زارە کۆمەڵایەتیەکان لەم چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوەی لەسەربکەین بگەینە ئەنجام بەپێچەوانەی ئەو حاڵەتانەی ترەوە کەلەئەنجامی جیاوازی دابەشبوونی جوگرافیا دێنە ناویەوە..

## لێکۆڵینەوە لەزمان

لای هەموان ئاشکرایە کەتێڕوانین بۆژیان جیاوازەو لەڕوانگەی جیاجیاوە سەیری ژیانو گەردوونو بوونو ڕاستییەکانو دیاردەکانی تر دەکرێت، بەوپێیە لەڕێی ڕێبازو قوتابخانەی جۆراوجۆرەوە لێیان دەکۆڵرێتەوە، زمانیش بەهەمان شێوە، هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ بۆتێگەیشتن لێی شێوازی جیاجیا گیراوەتەبەر:

١. دێرینەکان (تەقلیدییەکان):

سەرەتای لێکۆڵینەوەکان لەزمان دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکانو بەتایبەتیش (ئیفلاتون)، ئەمان چۆن هەولیان دەدا لەژیانو گەردوونو هاتنە کایەیان بگەن، بەهەمان جۆر لەزمانیشیان ئەڕوانی، وردتر بڵێین، خەمی ئەمان، خەمێکی فەلسەفی بوو، ئەیانپرسی؟ ژیانو گەردوون چۆنو کەی پەیدابوون، بۆ زمانیش هەمان ئەو پرسیارانەیان ئەوروژاند، زمان کەی پەیدابووە؟ زمان چۆن دروست بووەو یەکەم زمانو دایکی زمانەکان، چ زمانێك بووە.

٢. سۆسێرو بونیادگەرەکان:

لەڕاستیدا زانستی زمان لەسەر دەستی ئەم زمانەوانانە دەست پێدەکاتو سەرەتای سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی نوێش بەناونیشانی بونیادگەری هەر لەمەوە دەست پێدەکات، لەم ڕێبازەدا

گرنگی بەلایەنی دیاکرۆنی مێژوویی نادرێ‌و جەخت دەخرێتە سەر لایەنی سینکرۆنی زمان‌و لێرەدا هەر زمانە خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیەتی‌و بەجیا لەزمانەکانی تر دیراسەی ئەکرێت، ئاستەکانی زمان، فۆنۆلۆژی‌و مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکس لەیەکتری دەترازێن‌و بەجیا لێیان ئەکۆڵرێتەوەو واتاسازی لەزمان ئەکرێتە دەرەوەو لەم ڕێبازەدا زمان لەکۆمەڵ‌و دەوروبەر دائەبڕێت.

٣. ڕێبازی بەرهەمهێنان‌و گواستنەوە:

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی ئەمڕۆ بۆ تێگەیشتن لەزمان، پەنا دەبەنە بەر ئەم ڕێبازە، (چۆمسکی)، دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیەیە خۆیشی وەك بونیادگەرێك دەستی بەوردبوونەوە لەزمان کردو دواتریش لەئەنجامدا هەندێ کەم‌وکورتی لەڕێبازی بونیادگەرەکاندا، ئەم داهێنانەی کردو بەپێچەوانەی ئەوانەوە، لای ئەم "شریتە دەنگییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەزمان دەست نادەن‌و بەڵکو دەبێ لە (بنیاتی قوڵەوە) کەسەرچاوەکەی مێشکە، لەزمان بکۆڵینەوەو لای ئەم زمانەکان لایەنی هاوبەشیان زۆرەو لێرەوە دوو ڕێزمان دێتەکایەوە: کەبریتین لەڕێزمانی گشتی‌و (UG)و ڕێزمانی تایبەتی".

پرسیار: ئایا زانستەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە:

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسانەو ئاشکرایە کەهەموو دیاردەکانی ژیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو هەر بەو شێوەیەش

لقـە زانسـتییەکان، بەواتایـەکی تـر لقـە زانسـتییەکان؛ وەك چـەند بازنەیەك چوون بەناو یەکداو کەم‌و زۆر پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەر لەئەنجامی ئەم پەیوەندییانەوەش چەندان لقی زانستی تـری نـوێ هاتۆتە کایەوەو، دێتەکایەوە:.

١) زمان‌و مێژوو:

زاناکان لـەو بڕوایـەدان کـەناکرێ شـارەزای مێـژووی میللـەتێك بـین ئەگـەر زمانەکـەی پشـتگوێ بخـەین، ئاشـکرایە کـەڕوداوە مێژووییەکان ڕەنگدانـەوەیان لەزمانـدا هەیـە، زمـان تۆماریـان دەکـات‌و لەناو وشەو دەرڕینەکاندا حەشاریان دەدات، بۆنموونە:

وشەکان (ڕاپـەڕین، کـۆڕەو .... هتـد) بـۆ خـۆیـان مێـژوویـەکیان تـیـا پارێزراوە.

٢) زمان‌و ئایین:

ئەم پەیوەندییەش زۆر ڕوون‌و ئاشکرایە، بزوتنـە ئاینییـەکان وشـەو زاراوەی نـوێ دەخەنـە نـاو زمانـەوەو بـەکارهێنانیان نـەك هـەر لەبۆنـە ئاینییەکانـدا، بـەڵکو لەئاخاوتنـە ئاساییەکانیشـدا ڕۆژانـە بەکاردەهێنرێن‌و لەزمانی کوردیدا ئەم پەیوەندییە زۆر فراوانە.

٣) زمانو زانستی دەروونناسی:

ئێستا یەکێك لەلقە زانستییەکان بریتییە لە (زانستی زمانی دەروونـی)و هـەمووشمان ئـەزانین کـە لـەبواری پزیشـکیداو بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـییە دەرونییـەکان سـودێکی زۆر لـەزمان وەردەگـیرێ، پزیشـکە پسـپۆڕەکانی ئـەم بـوارە لەگـەڵ چارەسـەرە کیمیاییەکاندا لەکلینیکەکانیاندا پشت بەزمانو ئاخاوتن دەبەسـتن بـۆ گەیشتن بەهۆکاری نەخۆشییە دەروونییەکان.

٤) زمانو سیاسەت:

بزوتنە جیاجیاکان کاریگەری تایبەتییان لەسەر زمان ئـەبێو لـەم ڕێگەیەشـەوە چـەندان زاراوەو دەربـڕین دەچـنە نـاو فەرهـەنگی زمانـەوە، هـەر بـۆ نموونـە لەسـەردەمی پاشـایەتیدا ئـەوترا (کۆشـکی پاشـایەتی)و دواتـر بـووە (کۆشـکی کۆمـاری) ئەمـە جگـە لەوشـەکان (سـەرپەلو سـەرتیپو بارەگـاو مەڵبەنـدو ....هتـد) لـەڕێی سیاسـەتەوە بەکارهێنانیان لەزماندا چالاك بـووە، هـەمووشمان ئـەزانین دیسانەوە، سیاسـەتمەداران چـۆن زیرەکانـە زمـانو دەربڕینـەکان بـۆ بانگەشـەو تۆمەت گرتنە یەکتری بەکاردەهێنن.

### ٥. زمانو کۆمەڵ:

زانستەکان لەجیهاندا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەرچەندە هەر زانستەش بەتەنیا سەربەخۆیی خۆی هەیە بەڵام زۆرجار ڕێك دەکەوێت، لەئەنجامی لێکدانی دوو زانستدا لقێکی زانستی نوێ سەرهەڵئەدا وەك؛ چۆن لێکدانی کۆمەڵناسیو زمانەوانی لقێکی زانستی نوێ سەری هەڵداوە، بەناوی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی یان کۆزمانەوانی. هەرچەندە پەنابردنە بەر هۆکاری کۆمەڵایەتی لەزمانەوانی هەر لەئارادابووە بۆ لێکدانەوەی هەندێ دیاردەی زمان، بەڵام لە (٣٠)یەکانی سەدەی ڕابردوو لەکارەکانی (مالینۆفسکیو فێرس)دا ئەم ئاراستەیە لە زمانەوانی سەری هەڵدا لەڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە زمان:- بریتییە لەهەڵبژاردنی ڕەفتارێك لەنێوان سەدان ڕەفتاردا کەلەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان بەپێی باری کۆمەڵایەتی یان بۆنەی قسەکردن هەڵیان دەبژێرێت.

هەر لەڕوانگەی ئەمانەوە، زمان کۆمەڵێك شێوازی جۆراوجۆرە کە هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات. بەدوای ئەمانەشدا لەساڵی (٥٠)وە (پایك) لەئەمریکا کاری لەم زانستەدا کردووە، وشەو ڕێزمانی بەستۆتەوە بەباری کۆمەڵایەتی قسەکەرو گوێگرەوە گرنگیدان بەکۆمەڵو پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی

زمانەوانیدا کارێکی ئاساییە لەبەر ئەوەی پەیوەندیەکی بەتین لەنێوان زمان‌و کۆمەڵدا هەیە وەك لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:-

١) مرۆڤ بە هۆی زمانەوە دەتوانێت لەناو کۆمەڵدا بژی. بەواتای ئەوەی زمان چالاکیەکی کۆمەڵایەتییە، زیاتر بۆ جێ خۆشکردنە لەبری پەیوەندی‌و هەوالگەیاندن پرسیار هەست دەربڕین بەدرێژایی ژیانی ڕۆژانە بەکاری دەهێنین وەکو (چۆنی - باشی - کوی - ... )

٢) زمان پێناسەی قسەکەرە وەك؛ بۆمان دەردەکەوێت لەزماندا دەتوانین بڕیار بدەین لەڕێگەی قسەکەیەوە ئەو مرۆڤە خەڵکی کوێیە، لە چ بارێکی دەرونیدا دەژی،و ئاستی ڕۆشنبیری چۆنە وەهەندێ جار دەشتوانین ئەوەش دیاری بکەین کە قسەکەر سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە.

٣) لە پەیوەندیەکانی نێوان زمان‌و کۆمەڵ، زمان مرۆڤ‌و دەوروبەر دەگەیەنێ بەیەکتری،و لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە کەقسەکەرانی تێدا دەژین. بەڵگەشمان بۆ ئەم باوەڕو بۆچونە دەیان دەستەواژەو زاراوەی ناو کۆمەڵە کەئەگەر بێت‌و نەیان بەستینەوە بەباری کۆمەڵایەتی‌و کلتوری ئەو کۆمەڵەوە ناتوانین یان ئاسان نییە لەواتاکانیان تێ بگەین بۆ نمونە ﴿دەرەبەگ - ڕەنجدەر - مسکێن - ئەستێرەکەی سیوەیل - پایزەبرا - هەنارە شیرینە﴾

## زمان و کۆمەڵ لەچیدا لەیەك دەچن ..؟

١) لەناو کۆمەڵدا ژمارەیەك سیستمی گشتی هەیە کەکۆمەڵانی خەڵك پەیڕەوی ئەکەن و پابەندی ئەبن ئەیکەن بەدەستور بۆ ڕێکخستنی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، زمانیش بەهەمان شێوە سیستەمێکی گشتییەو ئەم دەستورەش دەبێتە بنەمایەك بۆ دەربڕینەکان وە ئەنجامدانی کردەی لەیەکگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا. کە دەڵێین سیستمێکی گشتی لەناو کۆمەڵدا هەیە مەبەستمان چییە؟ بەواتای چی؟ مەبەستمان لەو داب و نەریتانەیە کەوەك پەیڕەوێکیان لێهاتووە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵدا.

٢) ئەو سیستەمە گشتییەی کۆمەڵانی خەڵك پەیڕەوی ئەکەن بەرهەمی کاریگەری و کۆی ئەندامانی کۆمەڵە، واتە لەداهێنانی تاکەکەس نییە. زمانیش بەهەمان شێوە لەداهێنانی تاکەکەس نییەو بەڵکو بەرهەمی کاری هەرەوەزی و کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە. وەك چۆن لەدایك دەبین کۆمەڵ وامان لێدەکات کەپەیڕەوی کۆمەڵێك داب و نەریت بکەین، بەهەمان شێوە زمانیش پێویستە فێربین و وەریبگرین و پەیڕەویشی بکەین،

چونکە هیچ زمانێك نییە بەبێ کۆمەڵو وەهیچ کۆمەڵێکیش بەبێ زمان نابێ.

٣) لادان لەو سیستەمە گشتییانەی ناو کۆمەڵ مرۆڤ دەخاتە بەردەم سزادانو بەرەنگاربونەوەی خەلکی واتا هەڵەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە بەهەمان شێوە لەزمانیشدا لادان لە دەستورو یاساکان هەڵەی ڕێزمانی لێدەکەوێتەوە بۆیە زمان تاك ملکەچ دەکات کە پەیڕەوی لێ بکات، واتە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو پێویستە مرۆڤ پەیڕەوی بکاتو هیچ تاکێك بەتەنها ناتوانێت خاوەنی زمانی تایبەتی خۆی بێت.

## سنورو بنەماکانی زمانەوانی

ئەم زانستە بەگشتی سنورەکەی ئەم دوو لایەنە دەگرێتەوە:-

١- زمان بەکارهێنان.

٢-بنەما کۆمەڵایەتیەکان.

ئەم ڕەوشتە واتە (زمان بەکارهێنان) مرۆڤ بەبەردەوامی زمان بەکاردەهێنێ لەشێوەی ئاخاوتندابێ یان نوسین ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە جۆربەجۆرەکانی وەك ﴿هەوالگەیاندن، فەرماندان، هەستدەربڕین ... هتد﴾ هەروەها مرۆڤ بەشێکە لەکۆمەڵو پەیوەندی لەگەڵ کۆمەلانی خەلکدایە ئەمەش لەڕێگەی

داب‌و نەریت‌و ڕەوشتی مرۆڤەوە دەبێت. هەربۆیە زمانەوانی کۆمەڵایەتی لەم دوو بنەمایە دەکۆڵێتەوە کەلەسەرەتادا باسمان کرد.

## بۆچونی هەندێ لەزمانەوانان و بواری کۆزمانەوانی :-

١) (فێرس) دەڵێت:- ((ژیانی مرۆڤ پێویستی بەدەوری جۆربەجۆرە، هەریەکێك لەم دەورانەش پێویستی بەشێوازی جیاجیا هەیە کەواتە ئیشی ئێمە ئەوەیە کە لەو شێوازە جیاجیایانە بکۆڵێنەوە)).

بەڵام هەندێ تیۆری زمانی هەیە کەلەسەر ڕوخساری زمان کاردەکات، بەتایبەتی بونیادگەرەکان کە بەلایانەوە زمان پێکدێت لەشریتێکی دەنگی وەئەرکی زمانەوان ئەوەیە کەلەو شریتە دەنگییە بکۆڵێتەوە، لەهەندێك تیۆری تردا لەڕوخسارو ئەرکیش دەکۆڵنەوە مەبەستمان لەڕوخسارو ئەرکی دانە زمانیەکانە یان فۆرمە زمانیەکانە.

٢) (هایمز) دەڵێت:- ((زمانەوانی کۆمەڵایەتی کە لەزمان دەکۆڵێتەوە تەنها وەکو شێوەو ڕوخسار تەماشای ناکات بەڵکو وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری دەکاو لێی دەکۆڵێتەوە))، چونکە وەکو لەسەرەوە خستمانە ڕوو تیۆری تری زمانی وەکو بونیادگەرەکان وەکو لایەنگرانی چۆمسکی یان ڕێزمان نوسە دێرینەکان

لەڕوخسارو ئەرك دەکۆڵنەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین مادام زمان ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتییە کەواتە هەم زمان کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەیە وە کۆمەڵیش کاریگەری لەسەر زمان هەیە.

٣) (مالینۆفسکی) دەڵێت:- ((بەپشت گوێ خستنی پێشینەو کلتور وە ڕەنگدانەوەیان لەزماندا ناکرێت لەزمان بکۆڵینەوە))،

ئەم قسەیە دەبەستینەوە بەقسەیەکی زانای ڕوسی (باختین) کەدەڵێت:- ((وشەکانی زمان بارکراون بەکۆمەڵێك زانیاری شاراوە)) واتە وشەکانی زمان کۆمەڵێك زانیاریان لەخۆیاندا حەشارداوە. لەڕاستیدا تێگەیشتن لەزمان بەبێ گەڕانەوە بۆ کەلتور ناتوانین تێی بگەین، بۆنمونە کەسێکی مەسیحی لەئەوروپا لەکەسێکی موسڵمان بپرسێت کاتژمێر چەندە لەوەڵامدا بڵێت نوێژ نەبووە یان بڵێ چێشت تەنگاوە لەڕاستیدا کردەی تێگەیشتن ڕوونادات‌و هیچ واتایەکی نابێت بۆ کەسە ئەوروپیەکە بەڵام هەمان ئەم پرسیارانە بۆ مەسیحیەکی دانیشتوی کوردستان وەڵامێکی ئاسایی دەبێت‌و کردەی تێگەیشتن ڕوودەدات، چونکە مەسیحیەکەی دانیشتوی کوردستان بوونە بەبەشێك لەئێمەو هەمان کەلتورو داب‌و نەریتەکانی ئێمەش بوون بەبەشێك لەوان. لەوەش زیاتر گەڕانەوە بۆ پێشینەو کەلتور نەك هەر لەناخاوتنی ڕۆژانەو وشەکانی زماندا کاریگەری هەیە بەڵکو لەوەرگێڕانیشدا دەوری کاریگەری دەبینێت.

مەسەلەی کەلتورو پێشینە نەك هەر لەتێگەیشتن‌و وەرگێڕاندا دەوری هەیە بەلکو لەڕیزکردنی کەرەسەکانی زماندا کاریگەریان هەیە بە واتایەکی تر دەتوانین بلێین:- زۆر دەستەواژەو ڕستەمان هەیە ڕەنگە لەڕووی ڕێزمانییەوە تەواوبن بەلام لەڕووی کۆمەلایەتیەوە ناپەسەندن. بۆ نمونە//

١) وەزیری خوێندنی بالآو سەرۆکی حکومەت سەردانی زانکۆی کۆیەیان کرد.

٢) سەرۆکی حکومەت‌و وەزیری خوێندنی بالآ سەردانی زانکۆی کۆیەیان کرد.

دەبینین لەڕووی ڕێزمانیەوە تەواون بەلام لەڕوی کۆمەلایەتیەوە ڕستەی دووەم پەسەندترە.

لەمە زیاتر هەندێك دەستەواژە هەیە ڕیزکردنەکەیان مانای گۆڕان لەتێگەیشتن‌و بیرکردنەوەی کۆمەڵ دەگەیەنێت بەرامبەر بەدیاردەیەك یان شتێك. بۆنمونە//

١) خوشکان برایان.

٢) برایان خوشکان.

دەستەواژەی یەکەمیان لەم سەردەمەدا لەدووەمیان، بلاوترەو بەکاهێنانی زیاترە.

# توخمەکانی ئاخاوتن

فێرس دەڵێت:- ((لەقسەکردندا بەرامبەرێکمان هەیە کەئەبێ بەشێوازێکی تایبەتی لەگەڵێدا بدوێین، واتە دەبێت بگونجێین لەگەڵیدا))، بۆ ئەم مەبەستەش توخمەکانی ئاخاوتن بەم چەشنە دابەش دەکات:-

١) توخمی مرۆیی "کەسەکان" بەپلەی یەکەم مەبەستمان لەقسەکەرو گوێگرە.

٢) بابەت (بابەتی سەرەکی گفتوگۆکە)

٣) ئامانج (گەیشتن بە قەناعەت)

ئەم سێ توخمە لەهەمو ئاخاوتنێکدا هەیە:-

١) توخمی مرۆیی "کەسەکان"// لەهەموو قسەکردنێکدا قسەکەرو گوێگرمان هەیە بێگومان هەندێ جار لەشێوەی تاکە هەندێ جاریش بەشێوەی کۆیە. هەندێ خاڵ هەیە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا دەور دەبینێت (شوێن ، کات ، پلەی خوێندەواری ، ئاستی ڕۆشنبیری یان خوێندن ... هتد) هەمو ئەمانە ڕۆڵ دەبینن لەکاتی قسەکردنو گوێگرتندا.

٢) بابەت :- ئەو مەوزوعەی باسی دەکەن، هەمو کردەیەکی ئاخاوتن لەنێوانیاندا دەبێت بابەتێك هەبێتو قسەی لەسەر بکەن ئەم بابەتە ئەشێت کۆمەڵایەتی یان سیاسی، زانستی ..

هتد. لێرەدا جۆری بابەت بەپلەی یەکەم کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردنی شێوازی قسەکردن بەگشتی لەباسە زانستیەکاندا کەمتر سۆزو عاتیفەی تێدایە، بەڵام لەباسە کۆمەڵایەتیەکاندا سۆزو عاتیفەی تێدایە بەشێوازێکی تایبەتی قسە دەکەین.

مرۆڤ ناکرێ بۆ هەمو بابەتێك یەك شێوازی قسەکردنی هەبێ بەڵکو دەگۆڕێ هەندێ بازدان هەیە لەشێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تر لەکاتی قسەکردندا مەبەست لەبازدان گۆڕینی شێوەو أسلوبی قسەکردنە.

**بەگشتی دوو جۆر بازدان دیاری کراوە:-**

- بازدانی خۆنەکرد:- مەبەست لەوەیە مرۆڤ یان قسەکەر بەویستی خۆی کارەکە ئەنجام نادات واتە گۆڕینەکە، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی بازدانەکە پەیوەندی بەهەڵوێستەوەیە، ڕێڕەوی قسەکردنەکە گەیشتۆتە خاڵێك پێویستی بەگۆڕین هەیە، ئەم هاتنە کایەوە پەیوەندی بەجۆری قسەکردنەوەو دەوروبەرو چۆنێتی بابەتەوەیە.
- بازدانی خۆکرد:- ئەم جۆرە بازدانە پێچەوانەی یەکەمە کەقسەکەر شێوازی قسەکردنەکەی دەگۆڕێت یان زمانی کەکوردییە بۆ عەرەبی یان زارەکەی واتە لەسلێمانییەوە بۆ هەولێری بێ ئەوەی هەڵوێستو دەوروبەر گۆڕابێ وە ڕێڕەوی

قسەکردنیش گۆڕابێ قسەکەر شێوازەکەی یان زارەکەی دەگۆڕێت.

نمونە؛ شێوازی سلێمانی؛ دایك/ برای شیلان لە کوێیە؟

شێوازی هەولێر؛ برای شیلان لەحەوشان گەمان دەکات.

بەگشتی ئەم جۆرە بازدانە کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوادا دێ، بەپێچەوانەی بازدانی خۆنەکردەوە.

٣) توخمی ئامانج // لەهەمو بەکارهێنانی زماندا واتە لەهەموو کردەیەکی ئاخاوتندا ئامانجێك هەیە، جا یان ڕازی کردنە یان خەڵەتاندنە یان تورەکردنە یان گەیاندنی پەیامێکە ...

هەموو ئەمانە دەچنە خانەی ئامانجەوە، هەموو ئەمانەش شێوازی تایبەتی قسەکردنی تایبەت بەخۆیان هەیە،

هەمو ئاخاوتنێك سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی هەیە، هەموو سەرەتایەك بەجووتە وشە دەست پێدەکات بۆ نمونە (چۆنی چاکی، ئەم کاتەتان باش ... ) بەهەمان شێوە بەجوتە وشەش کۆتایی دێت وەك (خوا حافیز ، خواتان لەگەڵ)

دەستپێکردنو کۆتایی پێهێنانی هەموو ئاخاوتنێك جۆرو شێوەی ئەو شتانەی بەکاری دەهێنێ، لەسەرەتاو کۆتاییدا بەکاردێن ڕادەی پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگر دەردەخات واتە پەیوەندیەکی باش یان خراپ یان توندوتۆڵە یان شلوشێواوە، ئەمانە لەچیدا دەردەکەوێت؟

لەداهێنان لەو وشەو شێوازە دەردەکەوێت کەبەکاری دێنن، واتە قسەکەرو گوێگر هەندێ دەستەواژەی وابەکاردێن جیاوازە لەگشت کلتوری گشتی کۆمەڵایەتی بۆ نمونە کلتوری باوی گشتی ئەوەبێ ((چۆنی چاکی ... )) بگۆڕنو دەڵێن ((ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشە)) لەڕاستیدا کۆمەڵگا ئەمانە زۆر بەکارناهێنێ هەندێ وشەو دەستەواژە بەکاردێن کەکۆمەڵ بەکاری ناهێنێ ئەمانە بەگشتی لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لەکلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر دەگۆڕێن.

## توانای ئاخاوتن

سەرەتا ئەم پرسیارە دێتە کایەوە، کە ئەم توانایە لەچییەوە دێت،و ئایا کەسەکان وەك یەکن لەتوانای ئاخاوتندا. بێگومان دەتوانین بڵێین کەسەکان وەك یەك نین لەتوانای ئاخاوتندا هۆی ئەو جیاوازییانەش بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:-

١) نایەکسانی تاکەکان لەکردەی ئاخاوتندا، مەبەستمان لە نایەکسانی تاکەکان جیاوازی چینە کۆمەڵایەتیەکان کارو پیشەو ئاستی ڕۆشنبیری ئاشکرایە ئەم جیاوازییانە لەکردەی ئاخاوتندا ڕەنگ دەداتەوە.

٢) نایەکسانی لەفەرهەنگدا لێرەدا پێوانەی ئاخاوتن بریتییە لە دەوڵەمەندی فەرهەنگی قسەکەر بێگومان کەسەکان چوونیەك

نین لەفەرهەنگی قسەو زاراوە ئەمەش ددبێتە هۆی جیاوازی لەنێوان کەسەکان.

٣) نایەکسانی پەیوەندی لێرەدا دەوڵەمەندی فەرهەنگو ئاستی ڕۆشنبیریو کاروپیشە بەس نییە بۆ ئەوەی توانای ئاخاوتن دیاری بکات بەڵکو هەڵبژاردنو بەکارهێنانی دەوڵەمەندی فەرهەنگ لەبۆنەو کاتو شوێنی گونجاودا دەبێتە هەڵسەنگاندنی توانای ئاخاوتن.

وەك دەردەکەوێت ئاخاوتن جۆرێکە لەکارکردنو ماندوبونو کۆششی دەوێت، ئەم توانای ئاخاوتنە لەگۆڕاندایە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر یان لەبۆنەیەکەوە بۆ بۆنەیەکی تر، هەربۆیە دەبێت هەندێ جار مرۆڤ باش قسە دەکاتو هەندێ جاریش خراپ قسە دەکات، بەگشتیش توانای ئاخاوتن کەسێتی مرۆڤ دیاری دەکات هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانرێ مرۆڤ هەڵبسەنگێنرێتو بەم پێیەش کەسێتی بەباشو خراپ دیاری بکرێت.

# پێوەرەكانی ئاخاوتن

وەك لەوانەی پێشوودا دەركەوت ئاخاوتن كردارە سەركەوتنی ئەم كردارەش بەندە بەكۆمەڵێك پێوەرەوە كەكۆمەڵ دیاری كردووە واتە زمانو ئاخاوتن بەشێكن لەمامەڵەی كۆمەلایەتی هەربۆیە لەڕووی كۆمەلایەتیەوە زمان بەكارهێنان دەبێتە پێوانەی هەڵسەنگاندنی قسەكەر بۆنمونە بەهەندێ كەس دەوترێت زمان شیرین بەهەندێكی تریش دەوترێت قسە ڕەق.

لەم ڕوانگەیەوە كۆمەڵێك پێوەری كۆمەلایەتی هەیە كە پەیرەوكردنیان ڕادەی سەركەوتنی قسەكەر دیاری دەكاتو بەپێچەوانەشەوە پێوەرەكان بەگشتی ئەمانەن:-

١) زۆربلێی } چەندێتی
٢) كەم دوویی (كەم قسەكردن)
٣) قسە پێ بڕین
٤) ئاوازی قسەكردن
٥) دەنگ بەرز كردنەوە
٦) ناوەڕۆكی گوتن واتە (چۆنێتی)

١، ٢) لەڕاستیدا زۆربلێیو كەم دوویی بەگشتی هەردوكیان پەسەندنین واتە نابێت مرۆڤ زۆربلێ بێ یان كەم دوو بێ بەڵكو دەبێت هاوسەنگی

ڕابگرێت لەنێوان ئەم دوانەدا. واتە نابێت چەندێتی گوتنەکانمان سنور ببەزێنێت نموونە بۆ کەم دوویی:- هۆزێك هەیە لەخوارووی هیندستان بەناوی (بۆلیا) ئەم هۆزە بەگشتی بەکەم دوویی بەناوبانگن ئاماژە بۆ غەمباری ئەو ناوچەیە، لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە داخراون و ڕادەی پیشەسازیو بازرگانیش لەناویاندا زۆر لاوازە لەسەر بنەمای هاوکاری کردن ڕانەهاتون بەجۆرێك لەتەمەنی (٤٠) ساڵیدا بەتایبەتی لەڕەگەزی نێر ئەگەری قسەکردنیان دێتە کایەوە بەپێچەوانەی ئەمانەوە لەڕۆژهەڵاتی ئیندۆنیزیا (ڕۆتی) بەپێچەوانەی ئەوانەوە قسەکردن بەچێژێکی ژیان دەزانن بۆیە بەگشتی قسە زۆردەکەن.

٣) قسەپێ برین:. لەڕاستیدا ئەمیش دووبارەبونەوەی زۆری کارێکی پەسەند نییە تەنانەت هەندێ ئاخاوتن هەیە هیچ بوارێکی قسە پێ بڕینی تێدانییە بۆ نمونە لە پرسەیەکدا مەلایەك قسە دەکات بواری قسە پێ بڕینی تێدانییە. هەربۆیە بۆنەی قسەکردن پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگر پایەی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەرو گوێگر کاریگەریان هەیە لەسەر ئەم خاڵە. بەڵام لەهەموو کاتەکاندا قسە پێ بڕین و دوبارەبونەوەی باش نییەو ئەگەر هەوڵت دا پێویستە یارمەتی وەربگرین.

٤)ئاوازی قسەکردن: دووربێت لەهەڕەشەو تۆقاندن و خستنەوەی ترس.

٥) دەنگ بەرزکردنەوەش دەبێت ئەو چینە بدۆزیتەوە کە چینێکی ئاساییە بەلای گوێگرەوە.

٦) ناوەڕۆکی گوتن (چۆنێتی):- زۆر گرنگە لەڕاستیدا ئەمە کاریگەری لەسەر ئەوەش هەیە، کەگوێگر تا چەند گوێت لێدەگرێت. واتە هەندێ گوێباس هەیە بەلای گوێگرەوە بایەخی نییە تۆ ناتوانیت گوێگر وا لێ بکەی گوێت لێ بگرێت لەهەندێ حالەتدا لەڕستەی هەوالێدا ناوەڕۆکی گوتنەکە لەوەدایە ڕاستیەکە بشاریتەوە چونکە ڕەنگە کێشەی لێ بکەوێتەوە لەئەنجامی درکاندنی ڕاستیەکان.

بەرەچاوکردنی ئەم پێوەرانە دەردەکەوێت ئاخاوتن چالاکیەکی کۆمەلایەتییەو کۆمەڵ دەتوانێت کاریگەری لەسەر دابنێ لەدوو ڕێگاوە:-

١) لەڕێی دانانی کۆمەلێك پێوەرەوە کەلەسەرەوە خستمانە ڕوو.
٢) زەمینە خۆشکردن بۆ جێ بەجێکردنو پەیرەوکردنی ئەو پێوەرانەوە لەڕێگای دیاریکردنی کەسێتی قسەکەرەوە.

## ئەركەكانی زمان

بێگومان زمان ئەم ئەركانەی هەیە:- ڕێبازی ئەركی قۆتابخانەیەكە لەقوتابخانەی بیری زمانەوانی سەدەی بیستەم بایەخ بەچۆنێتی بەكارهێنانی زمانو بەهای پەیوەندییەكانی زمان دەدات لەم ڕێبازەدا زمان:- بریتییە لەهۆیەكی پەیوەندیكردن كە مرۆڤ لەكۆمەڵدا بۆ گەیشتن بەمەبەستو ئاواتی بەكاری دێنێت.

هەروەكو (هالیدای) دەڵێت:- لایەنی ئەركی زمان شتێكی دابڕاونییە لەخودی پەیڕەوی ڕێزمانی هەر زمانێك پەیوەستە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بەو ئەركەی كەڕستەكان لەدەوروبەرە جیاوازەكاندا دەیبینن.

ئەركیەكان پێیان وایە ڕەگی زمان درێژ دەبێتەوە بۆ ناو كۆمەڵ بەهەموو شێوەكانیەوە ناتوانین زمان لەكلتورو داب‌ونەریت داببڕین زمان وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی لەژێر كاریگەری كۆمەڵدایە ئەمەش بەئاشكرا لەشێوازی ئاخاوتنەكانماندا دەردەكەوێت بۆنمونە ئەو زمانەی لەگەڵ سەرۆكی حكومەت قسەی پێ دەكەین جیاوازە لەو زمانەی كە لەگەڵ هاوپۆلەكاندا دەیكەین بەهەمان شێوە ئەو زمانەی لەناو بازاڕدا پێی دەدوێین جیاوازە لەو زمانەی كە لەناو زانكۆدا ئاخاوتنی پێ دەكەین.

لەڕوانگەی ڕێبازی ئەرکییەوە زمان ئەم ئەرکانە دەبینێت:-

١) هەواڵ گەیاندن:- بەیەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی زمان دادەنرێت، ڕۆژانە زمان بە شێوەیەکی فراوان لەم ئەرکەدا بەکاردێت، لێرەدا ئەگەری ڕاستیو ناڕاستی لەهەواڵەکەدا هەیە هەمیشە بکەری ڕستە کەسی یەکەمە چ تاك بێت یان کۆ ئەشێ هەندێ جار ڕستەی هەواڵی بەمەبەستێکی تایبەتی ئەرکی چەواشەکردن ئەنجام بدات، گۆشەی هەواڵ لەهەموو ڕاگەیاندنەکاندا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە جا ئەم هەواڵە (وەرزشی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی) بێت.

٢) پرسیارکردن:- لەدوای هەواڵ بە ئەرکێکی سەرەکی زمان دادەنرێت کەسی پرسیارکەر هەست دەکات بۆشاییەك لەزانیاریەکانیدا هەیە یان دوودڵە لە زانیاریەك وە گوێگر بەسەرچاوەی زانینی ئەو زانیاریە دەزانێت بۆیە پرسیارەکەی ئاڕاستە دەکات لەژیانی ڕۆرژانەدا ئاسایی زۆر پرسیار دوبارە دەبێتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ پرسیاری تر هەیە پرسیاری ئاڵۆزو گرانو فەلسەفیو زانستین کەسی پرسیارکەر لەژیانی ڕۆژانەدا پرسیار دەکات.

٣) هەست دەربڕین:- یەکێکە لەو ئەرکانەی کە بەشێوەی خۆشی یان ناخۆشی ڕۆژانە دەریدەبڕین، هەر لەم بوارەشدا یەکێك لە گریمانەکانی پەیدابونی زمان بریتییە لەگریمانەی (بانگو

ڤیژەی هەستدەربڕ) بەپێی ئەم گریمانەیە یەکەم گوتنی مرۆڤ بەشێوەی سەرسوڕمان بووە دەتوانین بڵێین هەموو جنێوو ستایش‌و پیاهەڵدان‌و زەم کردن هەمووی دەچێتە خانەی هەست دەربڕینەوە.

٤) وروژاندن:- لێرەدا بەو مەبەستە بەکاردێت حەزو ئارەزویەك لەگوێگردا بچێنێت جا دڵخۆش کردن بێت یان چەواشەکردن بێ هەڵخەڵەتاندن بێ تورەکردن بێ بۆ ئەوەی گوێگر کارێکت بۆ ئەنجام بدات، ئەشێت هەندێ جار گوێگر بخەیتە گومان‌و دوودڵیەوە هەمو ئەو شتانەی لەنێوان هاورێدا بۆ تورەبوون دەکرێت کاری سیاسی دەچنە خانەی وروژاندنەوە.

٥) داخوازی کردن، یان فەرماندان:- لێرەدا بەوە لە وروژاندن جیا دەبێتەوە کە گوێگر دەبێت لەکاتێکی زووتردا کارێك ئەنجام بدات هەمیشە بکەری ڕستە کەسی دووەمە چ تاك چ کۆ بێت. کەسی قسەکەر چاوەڕێی وەڵامێك (کارێ) لەگوێگر دەکات.

٦) ڕاپەڕاندن:- لێرەدا وتنەکان یان دەربڕینەکان خۆیان بەواتای ڕاپەڕاندنی کارەکە دێن مەلایەك لەکاتی ناونانی منالێکدا بەناوی خوا ئەو مندالەمان ناونا (کوردە) ئەو کارەکەی ڕاپەڕاند. هەموو ئەو ڕستانەی تر کە کردارەکانیان یەکێکە لەم کردارانە (بەڵێن دەدەم ، سوێند ئەخۆم ... هتد)

٧) جێ خۆشکردن، موجامەلە کردن، خۆبردنە پێشەوە:- لەڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیەوە یان زارە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەیەکێك لەئەرکە سەرەکیەکانی زمان دادەنرێت ڕۆژانە بەشێوەیەکی فراوان دووبارەی دەکەینەوە بەتایبەتی لەو کۆمەڵانەی کە ئاستی ڕۆشنبیری تیایاندا لاوازە یان لەسەر بنەمای هێز بنیادنراوە، زۆربەی ڕستە پرسیاریەکانیش دەچنە خانەی جێ خۆشکردنەوە.

# تیۆری کردە قسەییەکان

ئەم تیۆرە بەپلەی یەکەم بایەخ بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیانە دەدات، کەوتنەکان تیایاندا ئەنجام دەدرێت. لەم ڕوانگەیەوە بۆ ئەوەی لەمەبەستی ئاخاوتنەکانمان تێ بگەین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بارودۆخ‌و چوارچێوە کۆمەڵایەتیەی کەگوتنەکەی تیا ئەنجام دراوە.
دەتوانین بڵێین هەموو ئاخاوتنێك دوو دیوی هەیە ئەگەر لەڕوانگەی واتاوە سەیری بکەین؛ ئەویش دیوی ئاشکراو شاراوە. کەبەڕای زۆربەی زمانەوانان بەگشتی قسەکەر مەبەستی دیوە شاراوەکەیە،
نمونە :   ئارام لەژوورەوە نوستووە.

لێرەدا بەم ڕستەیە دەوترێت ١) ئاگادارکردنەوە

٢) دڵنیاکردنەوە

٣) پرسیار

٤) هەواڵ

کەواتە بۆ تێگەیشتن لەمەبەست‌و واتای ڕاستەقینەی ئاخاوتنەکانمان پێویستە بۆنەو بارودۆخی نێوان قسەکەرو گوێگر لەبەرچاو بگرین.

نمونە//    قاپەکەت بەتاڵە؟   } پرسیار / موجامەلەکردن

لایەنێکی تری ئەم بەکارهێنانە بریتییە لەوەی کەوشەیەك چەندان واتای هەبێت واتە فرە واتابێت کەئەمەش بەیەکێك لەخاڵە باشەکانی زمان دادەنرێت.

نمونە// کۆترەکە بەربوو. (هەڵفڕی)

زیندانیەکە بەربوو. (ئازادبوو)

خوێنی لوتی بەربوو. (ڕژا، پژا)

بەگشتی ئەم وشانە بەمیتافۆر یان خوازە ناودەبرێت لەزماندا ئەم قسانەشمان هەر لەچوارچێوەی تیۆری کردە قسەیەکاندایە، مەبەستمانە بڵێین وەك لە وانەکانی پێشوودا دەرکەوت ئاخاوتن مەبەستی جۆراوجۆری هەیە لێرەدا هەندێ لەو مەبەستانە لەگەڵ مەرجەکانیان دەخەینەڕوو، کە لەچوارچێوەی ئاخاوتنەکانەوە دەگەیەنرێت:-

١) داخوازی کردن، ئەمرکردن:- یەکێکە لەو مەبەستانەی کە لەئاخاوتنەکانی ڕۆژانەدا دووبارە دەبێتەوە بەگشتی ئەم مەرجانەی تێدایە.

أ- پێویستە قسەکەر دەسەڵاتی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەمر بکات جا ئەو دەسەڵاتە مادی یان مەعنەوی بێت.

ب- دەبێت داخوازیەکە تاڕادەیەك لەسنوری لۆژیك (منطق)دا بێت بۆ ئەوەی گوێگر بتوانێت جێبەجێی بکات.

ج- بوونی ئەم لۆژیکە لەداخوازیەکاندا وادەکات کاردانەوەی جێبەجێ کردنی لەگوێگر هەبێ.

د- لەڕاستیدا تەمەن، ڕەگەز، پیشە هەموو ئەمانە ڕۆڵی ڕاستەوخۆ دەگێڕن لەداخوازیدا.

٢) **داواکردن:.** ئەم خاسیەتو مەرجانەی هەیە:-

أ- لەداواکردندا بەگشتی پلەوپایەی قسەکەرو گوێگر یان هاوشانی یەکن یان زۆر نزیکن لەیەکەوە لەنێوان ئەندامانی خێزان یا هاوپۆلەکان..

ب- داواکردن بەگشتی ئاوازی دەربڕینەکەی نەرمو نیانترە لەداخوازی کردن.

ج- هەرچەندە داواکردنو داخوازی زۆر نزیکن لەیەکەوە، بەڵام لەبونی ڕێزدا لەیەکتری جیاوازەو دەبێتە خاڵی جیاوازی لەنێوانیاندا. بۆ نمونە:-

- ئەو دەرگایە داخە. (داخوازی)

- بەیارمەتیت ئەو دەرگایە داناخەیت. (داواکردن) ﴿پلەی ڕێز تیایدا زۆر بەرزە﴾.

٣) **پاڕانەوە (تکاکردن) :-** ئەم خاڵانە دەگرێتەوە

أ- جۆرێکە لە داواکردن بەڵام لێرەدا پایەی قسەکەر نزمترە لەگوێگر.

ب- لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە ماوەی نێوان قسەکەرو گوێگر دوورە لەیەکترەوە.

ج- بەگشتی لەلایەن قسەکەرەوە بۆ گوێگر ڕێزێکی زۆر هەیەو لەگوێگرەوە بۆ قسەکەر بەپێچەوانەوە.

د- لەهەندێ حاڵەتدا گوێگر بونێکی بەرجەستەی نییە.

٤) دوعاکردن:-

أ- بەگشتی پێشبینی کاردانەوەی ساتە وەختی ناکرێ لەگوێگر.

ب- پایەی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەرو گوێگر زۆر دوورە لەیەکەوە لەهەندێ حاڵەتدا هەر بەراورد ناکرێ.

ج- گوێگر بونێکی بەرجەستەی نییەو قسەکەر ڕوی دەمی لە هێزێکی گەورەتر دەکات.

نمونە بۆ ئەو کردارانەی کەباسمان کرد بە پێی پایەی کۆمەڵایەتی:

١- لە ئەفسەرێکەوە بۆ سەربازێك. (داخوازی)

٢- لەنێوان دوو هاوڕێدا. (داواکردنە)

٣- لە تۆمەتبار بۆ دادوەر. (پاڕانەوە)

٤- بەگشتی لەمرۆڤەوە بۆ خودا. (دوعاکردن)

(لەکەسێکەوە بۆ مەزارێك) (دوعاکردن)

# شێوازی ئاخاوتن لەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا

ڕۆژانە چەندین بۆنەی کۆمەڵایەتیو جۆراوجۆر کۆمان دەکاتەوە هەریەکەیان شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆی هەیە هەر یەکێك لەم بۆنانە شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ قسەکردن هەندێ جار بەپێی ڕەگەزی مرۆڤەکانیش شێوازی ئاخاوتن لەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگۆڕێت.

ئەم حاڵەتەش بەئاشکرا لەهەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکاندا دەردەکەوێت لێرەدا هەندێ لەو بۆنە کۆمەڵایەتیانە دەژمێرین لەگەڵیشیدا ئەو وشەو دەستەواژانەی لەبۆنەکاندا بەکاردێن دەخەینە ڕوو لێرەوە تێدەگەین ئاستی فەرهەنگو ڕێزمانی لای ڕەگەزەکانی کۆمەڵ چۆن بەشێوازی جیاجیا بەکاردێ لەبۆنەکاندا، هەندێك لەو بۆنانە ئەمانەن:-

١) پێشوازی کردن لەمیوان:- ئاشکرایە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتییە.
نمونە: بوون بەهەنارە شیرینە.

٢) ماڵئاوایی کردن:- نمونە// (پەلەتان چی بوو، خوا ئاگادارتان بێت ... ) بەئاشکرا هەستی پێ دەکەین هەندێکی هی ئافرەتەو هەندێکی پیاو بەکاری دەهێنێ.

٣) لە جەژنە پیرۆزەدا:- نمونە ( خوا موبارەکی بکا، گەردنتان ئازادبێت...)

١) منالبون:- ئەمەش بەپێی ڕەگەزی منداڵەکە دەگۆڕێ، نمونە (سەد ساڵ عومری بێت، بۆ ڕەگەزی نێر- بۆ ڕەگەزی مێش بەگشتی دەوترێت، بەنازی دایكو باوك گەورەبێت)

٢) بۆنەی پرسە: لای پیاوان (خوا عەفوی بکا، بۆ خۆتان خۆش بن...)، لای ئافرەتان (بریا من بومایە، دەستم بشکێ ... )

٣) بەیەك گەیشتنو هەواڵ پرسین:- ڕۆژانە ئەمیش لەڕاستیدا تا ڕادەیەکی زۆر هەڵبژاردنی دەستەواژە لەنێوان پیاوو ژندا جیا دەبێتەوە. لای پیاوان (چۆنی، چاکی، بێ وەی بیت، چاوەکەمی...) بەڵام لای ئافرەتان (ڕوو سوربیت، جەرگت نەسوتێ، کوڕت نەمرێ...)

٤) کاتی دوعاکردن:- لەڕاستیدا لێرەشدا بەئاشکرا جیا دەبێتەوە ئەم دوعاکردنە هەندێ کات بەمەبەستی باش بەکاردێت وەك (خوا ڕسقتان بدات، خوا پەنامان بدات ... ) هەندێ کات بەخراپە بەکاردێت وەك (بەگوللەی وێڵەوە بیت، پرچی سپی بهۆنیتەوە..)

## شێوازی ئاخاوتن لەبۆنە پیشەیی و گشتیەکان

ڕۆژانە چەندین بۆنەی جۆراوجۆر کۆمان دەکاتەوە لەوانە کۆبونەوەی نێوان دوو بازرگان سەردانی کەسێك بۆلای پارێزەرێك یان دکتۆرێك دوو هاوڕێ پێکەوە لێرەدا مەرج نییە هەموو کاتێك هاوڕێیەتی لەئارادابێت، بەهەمان شێوە مەرج نییە پەیوەندییەکان زۆر نزیك یان تێکەڵ بن.

بەگشتی شێوازی ئاخاوتن ئەم تایبەتیانەی هەیە:-

١) ئاخاوتن شێوەی دیالۆك وەردەگرێت، واتە نۆبەکردن لە قسەکردندا ڕوو دەدات بەواتایەکی تر قسەکەرو گوێگر تا کۆتایی ئاخاوتن دەورەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن.

٢) قسەکەر گرنگیەکی زۆر ئەدات بەکاردانەوەی وتەکانی لەسەر گوێگر، هاوکات سەرنجی ئەو کارلێکردنەکانەش دەدات کەلەسەر دەموچاوو جوڵەکانی گوێگر دەردەکەون، لێرەدا قسەکەر بەبەردەوامی هەندێ دەربڕین دوبارە دەکاتەوە لەوانە (تێگەیشتی، وایە، وانیە، گوێت لێم بوو ... ) گوێگریش بەهەمان شێوە بۆ ئەوەی نیشانی بدات، کەئاگای لەقسەکانی گوێگرە ئەم دەربڕینانە بەکاردێنێ (وایە، ڕاستە، مەعقولە، تەواوە ... ) هەندێ جاریش بە ئیشارەت واتە بە(چاو، دەست، لێو ...) ڕەزامەندی یان ناڕەزامەندی نیشان دەدات.

٣) قسەکەر ئەگەر بزانێ گوێگر کاتی نییە خێرا قسە دەکات، لەم حاڵەتەدا بەگشتی قسەکەر ڕەچاوی کات دەکات.

٤) ئەگەر بێت‌و قسەکەر بواری هاتنە ناو ئاخاوتنەکە بەگوێگر نەدات لەم کاتەدا گوێگر دەرفەتێك ئەقۆزێتەوە لەکاتی وەستانی قسەکەر گوێگر دەبێتە قسەکەرو ئەشێت هەندێ جاریش لەگەڵ هاتنە ناو ئاخاوتنەکە ئەم دەربڕینانە بەکاردێنێ(ببورە، یارمەتی هەیە، سەرنجێکم هەیە ...) ئەشێت ئەمانە بەکاربهێنێ.

٥) بەڵام هەندێ جاریش بەمەبەستێکی دیاریکراو قسەکەر خۆی بۆ ناو ئاخاوتنەکە ڕادەکێشێ لەڕێگەی ئەم دەربڕینانەوە (تۆ دەڵێی چی، تۆ پێت چۆنە، حەز دەکەم لەگەڵمدابی ... )، هەندێ جاریش قسەکەر خۆی بوار دەدات کەگوێگر بێتە ناو ئاخاوتنەکەوە.

٦) بەگشتی ئەم دەربڕینانە لەم ئاخاوتنانەدا بەکاردێت (بەهەر حاڵ، بابزانم، بیری لێ دەکەمەوە ... ) یەکێك لەم دەربڕینانە زۆربەی کات بەکاردێن.

## شێوازی ئاخاوتن لەبۆنە ڕەسمیەکاندا

مەبەست لەو بۆنانەیە کە کەسێکی پسپۆڕ لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو ئەدوێت جائەو بابەتە ئاینی، ڕامیاری (سیاسی)، کۆمەڵایەتی بێت ڕاگەیاندن بەگشتی ئەچێتە ئەم بوارەوە، لێرەدا قسەکەر قسەکەردو گوێگریش گوێگرە کەمتر بواری دەوری ئاڵوگۆڕی ئاخاوتنەکە هەیە. لەهەندێ حاڵەتدا بواری گۆڕینەوە هەر نییە دەتوانین بەگشتی بڵێین پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی ناڕاستەوخۆیە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا.

شێوازی ئاخاوتن لەم بۆنانەدا ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:-

١- قسەکەر هەوڵ دەدات بەزمانی ستاندارد بدوێتو دوور کەوێتەوە لەزمانی ناوچەیی.

٢- هێنانەوەی چەندین بیروبۆچونی جیاوازو بەستنەوەیان بەیەکەوە وەك زنجیرێکی نەپچڕاو.

٣- دووبارەکردنەوەو بەکارهێنانی چەندین دەربڕین کەزۆربەیان یەك واتای هەیە بەمەبەستی جەخت کردنەوە لەڕاستی بۆچوونەکانی وەك باشترین، ڕاسترین، گونجاوترین ... هتد.

لایەنە باشەکانی تیۆری کردە قسەییەکان:-

ئاشکرایە تیۆری کردە قسەییەکان دوای سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەرکی لەسەدەی ڕابردوودا سەری هەڵدا ئەم تیۆرە ئەم کەڵکانەی هەیە:-

١) لەپۆلینی دێریندا واتە پێش ڕێبازی ئەرکی زمان لەدەوروبەر دادەبڕا وەك تەنێکی بێ گیان سەیریان دەکرد. بەڵام تیۆری کردە قسەییەکان زمان دەگێڕێتەوە بۆ چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەی، واتە بۆ ئەو شێوازو کاتی قسەکردن لەبەرچاو دەگرێت کەئەمە لەپۆلینی دێریندا فەرامۆش کرابوو.

٢) لێرەدا تەمو مژی واتایی نامێنێت بەهۆی ئەو کاردانەوەی کە لەگوێگردا دەردەکەوێت مەبەستەکە ئاشکرا دەبێت.

٣) بەهۆی تیۆری کردە قسەییەکانەوە ئەوە دەرکەوت کە ئاخاوتنەکان دوو دیویان هەیە:- أ. دیوی شاراوە. ب. دیوی ئاشکرا.

بۆ نموونە ڕستەیەکی، وەك؛

- دەستت دەگاتە شەکرەکە؟

ئەم ڕستەیە، لەڕووی فۆڕمو ئاوازی دەربڕینەوە پرسیارە، بەڵام لەڕاستیدا، داواکارییە، واتە قسەکەر دەیەوێت، شەکرەکەی بدەیتە دەست.

# بنەمای دەسەڵاتو هاوکاری، و ڕەنگدانەوەیان لە ئاخاوتندا

ئاخاوتنەکانمان پەیوەندییەکی توندو تۆڵیان بەبنەمای دەسەڵاتو هاوکارییەوە هەیە، واتە بنەمای دەسەڵاتو هاوکاری لەئاخاوتنەکانماندا ڕەنگ دەدەنەوە ئەم بنەمایەش بەپێی کلتور بەڕێوە دەچن واتە بنەمای دەسەڵاتو هاوکاری لە کلتوردا بەدی دەکرێن ئەم بنەمایانەش لە ئاخاوتنەکاندا ڕەنگ دەداتەوە بەواتایەکی تر پەیوەندییەکی توندو تۆڵ هەیە لەنێوان دەربڕینەکانمانو شارستانی ناو کۆمەڵ، بەگشتی بنەمای دەسەڵات بنەمایەکی ڕوونەو بەئاسانی دەتوانرێت لە ئاخاوتنەکاندا دەستنیشان بکرێت، بەپێچەوانەوە هاوکاری تاڕادەیەك تەمو مژاوییە هەموو ئەمانەش پەیوەندییان بەئاستی ڕۆشنبیری، تەمەن، ڕەگەز، پایەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

پرسیار// ئایا ئەمانە (مەبەست لەبنەمای دەسەڵاتو هاوکارییە) لەئاستەکانی زماندا چۆن ڕەنگ دەدەنەوە؟ بەنمونەوە؟ وەکام ئاستی زمان زیاتر دەردەکەوێت تیایاندا؟

وەڵام// دەتوانین بڵێین ئەم دوو بنەمایە بەگشتی لەم ئاستانەدا دەردەکەون:-

## ئاستەکان

### مۆرفۆلۆجی یان وشەسازی

نموونە
میر
ئاغا
دەرەبەگ
شێخ
جەناب
قوربان
بەکارهێنانی
ئەمانە لەپاڵ
ڕێزیاندا
دەسەڵاتیشیان
هەیە ئەمانە
بەکارهێنانی
لەپاڵ کەسەکان
واتە
جیاکردنەوەی
ئەم لەئەوان

### سینتاکس یان ڕستەسازی

أ) جێناوە کەسیەکان// هەموو بەکارهێنانێکی کۆ لەبەرامبەر تاکە کەسدا کەپێویستە جێناوی تاکی بۆ بەکاربهێنیت لەڕووی ڕێزمانیەوە. نمونە: جەنابت بفەرموو. جەنابتان بفەرمون.

ب) بانگکردن// جیاوازی هەیە لەوەی کەسێك بەناوی خۆیەوە بانگی بکەین، یان نازناوێکی لەگەڵدا بەکاربهێنیت ئەمە دەچێتە ڕیزی دەسەڵاتەوە.

پ) ڕستەی داخوازی// ڕستەی ئەمر بەگشتی دەچێتە خانەی دەسەڵاتەوە بۆنمونە: دەرگاکە داخە.

تێبینی:- زمانەوانانی کۆمەڵایەتی ڕایان وایە کردار بنەمای دەسەڵاتو هاوکاری تیا دەرناکەوێت تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کەگوێگر دەبێتە بکەری ڕستە ئەمەش ڕستەی داخوازی دەگرێتەوە وەك: دەرگاکە داخە.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم دوو بنەمایە (دەسەڵاتو هاوکاری) بەگشتی پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگر دیاری دەکەن ئەگەر هاتوو دەربڕینەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بوو ئەوا بنەمای هاوکاری دەستنیشان دەکرێت ڕەنگ دەداتەوە، بەپێچەوانەشەوە لە خوارەوە بۆسەرەوە ئەوا بنەمای دەسەڵات ڕەنگ دەداتەوە.

کەواتە کەس لە دەسەڵاتدا دەبێت هەمیشە بنەمای هاوکاری کردن پەیرەو بکات.

## زمانی ڕاگەیاندن

زمانو بەکارهێنانی چ لەڕوی ئاوازەوە چ لەڕوی دەربڕینەکانەوە لەژێر کاریگەری ئەو بابەتەدایە کەلێی دەدوێین، هەروەها ئەو ئامانجەش کەزمانی بۆ بەکاردەهێنین، لێرەدا دەبێت بزانین چۆن ڕووبەڕوی جەماوەر دەبینەوە تا مەبەستە جیاجیاکانمان بگەیەنین.

کەواتە ئامانج لەزمانی ڕاگەیاندنو پڕوپاگەندەدا بۆ ساغکردنەوەی بیروبۆچونەکانو کەلوپەلەکانە، زمان لەم بوارەدا دەورێکی سەرەکیو کاریگەر دەبینێت، ئەمەش لەهەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا وەك ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆو سەتەلایتدا ئاشکرا دیارە زمانی ڕاگەیاندنو پڕوپاگەندەو دەقەکان لەو بواردا تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

## تایبتمەندیەکانی زمانی ڕاگەیاندن

١) ئەو زمانەی تیایدا بەکاردێت بۆ وروژاندنو هاندانە، یان بۆ ڕازی کردنە.

٢) دەربڕینەکان ڕوونو ئاشکران دوورن لەلێڵیو فرە واتایی.

٣) ئەو ئاوەڵناوانەی لەم بوارەدا بەکاردێن بەگشتی لەئاوەڵناوە گەرمەکانن یان باشەکانن نموونەی باشترین، گونجاوترین، پەسەندترین، خێراترین.

لەهەموو ڕاگەیاندنەکاندا بەتایبەتی لەپڕوپاگەندەدا ئەم توخمانەی تێدایە:-

١- کەسەکان: لێرەدا مەبەستمان ئەو کەسانەیە کەپڕوپاگەندە بۆ کاڵاکانیان یان بیروبۆچونەکانیان دەکەن، بەگشتی دیالۆگ لێرەدا ناڕاستەوخۆیە، واتە پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگر پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە.

٢- بابەت: بریتییە لەبیروبۆچونەکانو کەلوپەلەکانو دامەزراوەکان واتە ئەو شتەی کە دەتەوێت پڕوپاگەندەی بۆ بکەی.

٣- هۆیەکانی ئاخاوتن: بریتین لەنوسین، تەلەفزیۆن، پۆسکارت، وێنە، دیالۆگ یان هەر شتێك بچێتە ئەو بوارەوە.

٤- ئامانج: بریتییە لەبردو پەیداکردنو ساغکردنەوەی بابەت، یان گەیشتن بەو مەبەستەی هەوڵی بۆ دەدەی.

# زمانی هەواڵ لەڕاگەیاندندا

هەوالگەیاندن، یان زانیاری گەیاندن، ئەرکێکی سەرەکی ڕاگەیاندنەکانە، بەجۆرێك کەگۆشەی هەواڵ لەهەموو ڕاگەیاندندا پانتایەکی فراوانی داگیرکردوە. بێگومان ئەم ئەرکەش بەزمان ئەنجام دەدرێت بەواتایەکی تر لەڕێگەی زمانەوە زانیاری دەربارەی ڕوداوەکان، کەسایەتیەکان، بۆنەکان بەگوێگر دەگەیەنرێت.

لەهەواڵدا سێ توخمی سەرەکی بەدی دەکرێت ئەمانەن:-

١) ناونیشان

٢) پێشەکی

٣) درێژەی هەواڵ

بێگومان لەداڕشتن‌و چنین‌و هۆنینەوەی هەواڵەکاندا دەورێکی کاریگەر دەبینێت کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی گوێگر یان خوێنەرو بەردەوام بوونی لەسەر بەدواداچونی هەواڵەکە، ئاگاداری ئەوەشبین، کەپێکهاتەی زمان لەهەواڵەکاندا ئەکەوێتە ژێر کاریگەری گوێگرو خوێنەرو بابەت‌و ئامانج، ئاشکرایە شێوازی گەیاندنی هەواڵی وەرزشی جیاوازە لەهەواڵێکی هونەری یان زانستی ... هتد.

ناونیشانی هەواڵەکان دەشێت کورت بن واتە لەشێوەی فرێزێك یان ڕستەدابێت.

نمونە بۆ:- شێوەی فرێز// لافاوێکی ترسناک، دڵێکی دەسکرد.

بۆ ڕستەی درێژ// یەکەم کۆبونەوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام درا.

## تایبەتمەندی زمان لە هەواڵەکاندا

١) دەبێت هەواڵەکان کورتو پوخت بن، چونکە درێژەپێدان خوێنەر یان گوێگر ماندوو دەکاتو ناچاری ناکات گوێی لێ بگرێت.

٢) شێوازی نوسینەکەو دەربڕینەکانی، دەبێ سادەو ڕەوان بنو دووربن لەزۆر لەخۆکردن.

٣) ئەشێت کەڵك لەڕەوانبێژی وەربگیرێت. بەڵام بەو مەرجەی لێڵیو تەمومژی واتایی دروست نەکات، چونکە هەواڵەکان بۆ هەموو چینو توێژەکانە نەك بۆ چینێکی دیاریکراو.

٤) ئاخاوتنەکان شێوازی جیاجیا وەردەگرن یان شێوازی جیاجیایان هەیە پێویستە وردبین لەهەڵبژاردنی یەکێکیاندا.

# زمان و ڕەگەز

لەڕاستیدا هەر قسەکردنێك لەم بارەیەوە واتە زمان بەپێی نێرومێ دەچێتە خانەی شێوازەوە هەرچەندە هۆکارێکی تایبەتی نییە بۆ جیاکردنەوەی زمان بەپێی ڕەگەزی مرۆڤ، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی کارو پیشەو لایەنی کۆمەڵایەتیو بنەمای دەسەڵاتو هاوکاریو زیاتر لەماڵەوەبوونی ئافرەت بەتایبەتی لەم کۆمەڵگایانەدا وا چاوەڕوان دەکرێت جیاوازی هەبێت لەشێوازی قسەکردنی یان فەرهەنگی ژنانو پیاوان یان نێرومێ بەگشتی لەم ئاستانەدا:-

١) بنەمای بەزەقی دەرنەبڕین وەبەپێچەوانەوە// مەبەستمان لەوەیە لای ڕەگەزی مێ بۆچونەکانیان زیاتر بەشاراوەیی دەردەبڕن.

٢) بنەمای ناسکیو ئاوازی دەربڕین// ئەمە هەر گومان هەڵگرنییە کەزمانی ڕەگەزی مێ زیاتر ناسکترەو ئاوازی خۆشترە.

٣) دەربڕینی ڕاستەوخۆو دەربڕینی ناڕاستەوخۆ// هەمیشە بەحوکمی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو بەحوکمی ئەوەی دەسەڵات زیاتر لای پیاوە وا چاوەڕوان دەکرێت کەدەربڕینی ڕەگەزی مێ زیاتر ناڕاستەوخۆیە.

٤) تایبەتیەتی ڤەرهەنگی// دیسانەوە لەمەسەلەی فەرهەنگیشدا جیاوازی هەیە دەتوانین بڵێین لەهەندێ بواردا فەرهەنگی ڕەگەزی مێ دەوڵەمەندترە لەڕەگەزی نێر، بەپێچەوانەشەوە.

٥) ڕەگەزی مێ زیاتر کەڵك لەئاماژە نازمانیەکان وەردەگرێت وەك لەپیاوان. واتە لەکردەی ئاخاوتندا ئاماژەکانی دەستو دەمو چاوو لێوو دەمو برۆ زیاتر لەڕەگەزی مێ بەکاردێ وەك لەڕەگەزی نێر.

# جیاوازی نێوان زاری ستانداردو جوگرافیایی

١. بنەمای دروست بوونی زاری جوگرافی یان دیالێکتی جوگرافیا شوێنێکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام ستاندارد بەڕێگای جۆراوجۆر دروست دەبێ.

٢. دیالێکتی جوگرافیایی لەناوچەیەکی جوگرافیایی دیاریکراو کاری پێدەکرێت زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە، بەڵام ستاندارد لای هەموو ئەندامانی نەتەوە بەکاردێت و سنوری بەکارهێنانی فراوانترە.

٣. زاری جوگرافیایی زیاتر ئەو ئەندامانەی نەتەوە کەڵکی لێوەردەگرن کەلەو ناوچەیە نیشتەجێن بەڵام ستاندارد لەنێوان هەموو ئەندامانی نەتەوە هاوبەشە هەمووان کەڵکی لێوەردەگرن.

٤. زاری ناوچەیی یان جوگرافیایی زیاتر بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانەیە بەڵام ستاندارد بۆ نوسین و ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەو کتێبە ...هتد.

٥. زاری جوگرافیایی لەبەر ئەوەی زیاتر ئاخاوتنی ڕۆژانەیە ئاسایی هەڵەی ڕێزمانی تێدەکەوێت بەڵام لەڕاستیدا لەستانداردا چونکە زمانی نوسینە نابێ هەڵەی ڕێزمانی هەبێ.

## جیاوازی نێوان زاری جوگرافیایی و زاری کۆمەڵایەتی

١) بەپێچەوانەی زاری جوگرافیاوە کەباس کرا، زاری کۆمەڵایەتی بنەمای دروست بوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە.

٢) بەهۆی دیالێکتی جوگرافیاوە شوێنی قسەکەر دەزانرێت بەڵام بەهۆی زارە کۆمەڵایەتییەکانەوە پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دەزانرێت.

٣)سنوری بەکارهێنانی زاری جوگرافیایی فراوانەو هەندێ جار بەشی هەرە زۆری وولاتەکە دەگرێتەوە وەك دیالێکتی کرمانجی ژورووی لەوولاتی خۆمان بەڵام زاری کۆمەڵایەتی سنووری بەکارهێنانی لەنێوان چین و توێژێکی دیاری کراودایە.

٤)دیاریکردن و ناسینەوەی زاری جوگرافی کارێکی ئاسانە بەڵام دیاریکردن و ناسینەوەی زاری کۆمەڵایەتی ئاسان نییە چونکە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی چوون بەناو یەکداو لەگۆڕاندان.

٥)دەگونجێ زاری جوگرافیایی ببێتە بنەمای دروست بوونی زمانی ستاندارد بەڵام زاری کۆمەڵایەتی ئەو بنەمایەی تێدانییە.

کۆتایی

# سەرچاوەکان

**أ) سەرچاوە کوردیەکان:-**

١- حوسێن محمد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانیو هەندێ گرفتی زمانی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی، ڕستەو پاش ڕستە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٣.

٣- فوئاد حمە خورشید، زمانی کوردیو دابەشبونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، چاپخانەی افاق عربیە، بەغداد، ١٩٨٥.

٤- قیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٥.

٥- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٨٤.

٦- محەمەد ئەمین حسەین، زمانی جەستە، ٢٠٠٤.

٧- وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٤.

**ب) سەرچاوە عەرەبیەکان:-**

٨- علي عبدالواحد وافي، اللغة والمجتمع، قاهرة، مطبعة نهضة مصر، ١٩٧١.

٩- فردينان دى سوسور، علم اللغة العام، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، جامعة الموصل، ١٩٨٨.

١٠- كمال بشير، التفكير اللغوي بين القديم والجديد، جامعة القاهرة، دار الثقافة العربية ، (ب . ت)

١١- هدسن، علم اللغة الأجتماعي، ترجمة: محمود عبدالغني عياد، ط١، بغداد، وزارة الثقافة والأعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٨٧.

پ) گۆڤار:-

١٢- محمد معروف فتاح، سنورو بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٢ ، ١٩٨٦.

[redacted]

[redacted]

[redacted]